# مام ئاکۆی ماستاوخۆش و فاتیح شێخ الاسلامی بەرهەمی کامە دەزگای فکریین کە شێخ رەزا گوتەنی: "نانی کونەماسی دەخون و پاسی جرتاوا دەکەن"؟

**کوردیئەوبەریخەتیٚ**

وەرامی کەڵلەتەزێنی کوردەکەی ئەوبەری خەتیی تەسبێحدرێژ، مام ئاکۆی ماستاوخۆشی کردووەتە شاعیر . ئەویش چ شاعیرێك ! شاملوو زیندوو بێتەوە بە تەلیسێك دیناری سویسی رازی نابێ لە کتێبی کوچە ، لەبەشی وڕێنەی لاپرەسەناندا مێعرەکەی بۆ بنووسێ. چونکە ناتوانێ ئەو فارسییە کێویلەیە نە لە ریزی شێعردا جێی بۆ بکاتەوە و نە لە ریزی گاڵتەجاڕیشدا رێی دەبێ . ئەو غڵدە غڵدە منداڵانەیە کە مام ئاکۆ بە شێعری فارسیی دادەنێ، فیکە و هایهوووویەکی درێژی گەرەکە... قرخەی مام ئاکۆ لە کوێ و شێعری سۆهراب سپهری و فروغ فرخزادی فارس کوجا مەرحەبا!!!

مام ئاکۆ! بە فارسیی شێعر گوتن بۆ شاعیرانی فارس بە جێ بێڵی باشترە. لەوانەیە کوردییەکەی شتێکی لێ هەڵوەرێ، بەلام فارسییەکەی نایکێڵێ . زەویەکە تەقتەقە ، وزەی مەکینەی نایگەیەنێتێ و گاسنی تراکتۆری شێعری پساوە. بە پێی ئەو چەند دێرەی لە سەرەتای نووسراوەکەتدا هێناوتە، وێدەچێ لە رێزماندا تێگێراویی هەبێ و زۆریش. ئەگەر پێی ناخۆش نەبێ و رێگەم بدا وێکرا بەو چەند دێرەدا بچینەوە سوودی هەیە بۆ دوا رۆژێ. نەشمزانی مام ئاکۆ مەبەستی لەو چەند دێرە بە ناو شێعرە چ بووە کە لەسەرەتادا هێناونی. چونکە ئەو پەخشانە لەخۆرا کراوەتە دۆڵمە و چارشێوی شێعری لێ توند کردووە.

سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەو بە رواڵەت شێعرە هیچ پێوەندییەکی بە نێوەرۆکی ئەو بابەتەوە کە نووسیویەتی نییە. مەگەر ئەوە کە مەبەستی بووبێ و بێژێ: مام ئاکۆ شاعیرە و فارسیش دەزانێ، ئەوەش بۆ کوردی ئەمبەری خەتێ وەکو کەبابی بزنێ بەلەزەتە و پێی موعجیب دەبن.!! بەڵام ئەوەی مام ئاکۆ لەو چەند دێرەدا نووسیویە فارسیی نەکوڵاوە. سیواتدارێك کە گذشتە و ایندە- رابردو و داهاتوو لە زمانی فارسییدا نەناسێ و نەزانێ لەکوێ بەکاریان بێنێ، بۆی نییە خۆی بکاتە شاعیری" فارسیگو".

مام ئاکۆ! گوندی " شێخعەلی" شێخاڵی لەو بەرێ خەتێ لەکوێ و بەر مزگەوتەکەی کاك ئەحمەدی شێخ لە سولەیمانی لەم بەری خەتێ لە کوێ و رێبەریی پرۆلێتاریای مێشکەپە- ئێران لە کوێ؟! ئاێ نانەکە لەکوێ کرای لەکوێ خورای؟!!

رەنگە گوان بە تەندوورەوە نووساندن بۆ کورد و لێوهەڵقرچاندن و خۆ لە شاعیری کورد تووڕەکردنی مام ئاکۆ بۆ ئەوە بێ کە برادران و رفقای فارس بە دژی ناسیونالیسمی کوردی **بزانن** و بە رێبەری دانێن؟ با سەرینێکی خاترجەمیی بنێمە بن سەری مام ئاکۆ.

مامە گیان! تا ئەو رۆژەی کە لەسەر ئەم جیهانە دەژی، نابینی گەلحۆترین کۆمەڵی فارس لە هیچ کوێرەدێیەکی قوم و کاشان و " اصفهان" کە بزانن کوردی، بە ئاوگێڕی حەمامت راگرن. مەگەر وەکو لە تورکیا باوە و ئەو کارەی کە دژی کورد و مرۆڤایەتی بێ وەکو ئەنساروالسنە بۆ یان بکەی. ئەگەر دەلیلیشت دەوێ بروانە نووسراوەکەی خۆت بە ناوی" هەموو شتێك من کوتوومە ( گوتوومە) و لەبەرامبەر هیچیشدا مەسئول نیم" . دەلیلیکی دیکەش سەرۆکایەتی کوردە "کومۆنیستەکانی" وەکو کاحەوڵای حیکمەتیار ( یار و لایەنگری مەنسوری حیکمەت) و ئاشپەزەکانی دیکەن بۆ سازکردنی چەشتە قولێی منداڵانەی " گردانهای کمونیزم جهانی" لە مێشکەپە کە بە هەموو جیفرك لەخۆدان و و

هاوار کردن و گەروودڕانەکەیان بۆ پڕۆلێتاریای گەلانی ئێران و دووملیارد و نیو زەحمەتکێشانی گەردوون، نەیانتوانی بە ڕادەی تیمێکی فوتباڵ ( تۆپیپێ)، فارسی کۆمۆنیستی سەربزێوی لاهەڵدڕاو لەژێر ڕێبەریی ئاشپەزی کورد، کا عەولا، نە لەجیهان، نە لە ئێران و نە لە مێشکەپە ڕێكبخەن. لە بەرامبەردا مەنسورە دزەیەك هاتە کوردستان و هەتا مرد بە کە یفی خۆی کوردی ڕێخستووی لە حیزبەکەی خۆی کۆ کردەوە. وادیارە ڕوناکبیری کلۆڵی کورد ڕێخستن نازانێ و هەر دەبێ وەربێخەن.بۆ ئەو ڕێخستنە نموونەکەش کۆمەڵەی ژمارە دوو و سێیە. ژمارە یەك پاش ئێش پێگەیشتن و تێگەیشتن بروکە هەستێکی هاتەوە دەمێشکە تێکچووەکەیەوە و بای داوەتەوە تا بزانێ قووڵایی برینەکەی چەندە و چۆنی دەرمان بکا کە زۆری ئێش پێنەگاو نەکولێتەوە. بەڵام ئێستری نەوسی چڵێسی هەر دەیباتەوە لای ئاخوری"مجموعه‌اثار"ە دزێتییەکەی ڕەفیقی کەبیر نادر ژوبین ناسراو بە مەنسورە دزەی حیکمەت و توورەکە پڕ لە زبڵکەی فکری دژی ناسیۆنالیزم و و نەتەوەی کورد و کیانەکەی.

ڕەنگە مام ئاکۆی بەردەست ئاشپەزی چێشتەقولەی کومونیزمی جیهانی لە گردی مێشکەپە و هاوڕێی تووتنخۆش نەزانێ کە لە ترکییە هەموو ئەو کەسانەی کە حوکمی مەرگ و نەمانی کوردێك دەدەن دەبێ کورد بن. ئەوانەی گوللە بارانەکە دەکەن دەبێ کورد بن. ئەوەی وێنەی ئێعدامکراوەکە هەڵدەگرێ دەبێ کورد بێ. ئەوەی مەیتەکە دەداتەوە بە بنەماڵەکە دەبێ کورد بێ. ئەو مەلایەی دەبێ تەڵقینی دابدا دەبێ کورد بێ. **مام ئاکۆی جەواڵپڕ !** نامەوێ هەستی شاعیرانەت ببزوێنم، بەڵام ئەوە بە فارسیی چی پێدەڵێن؟

**مام ئاکۆی ماستاوخۆشی قارداشخوو!** ئەتۆ کە بتهەوێ کارەیەك بی، لە نێو حەجەمان دەبێ بارەبەر بی. ڕەنجی شان و ئارەقی نێوچاوان و ناموسی خزمانت لە ژێر دەستی مامە حەجەمەکانتدا بێ. ئەگەر کوردێك گوتی: بابەڵباب کوردم، هەرگیز مامی حەجەمم نەبووە، نە دایکم بۆ لاپەران چووە کە دایك برای حەجەمم لێبکاتە بەشدار، نە باپیرە شم حەجەم بووە و ئێمەی حەجەم بە زەبری شەقی سوارەکانی سمایل ئاغا کرابێتین بە کورد، ئەوە بۆ ڕەگەزپەرستییە؟ تۆ چووی داگیرکەرم بۆ دێنی و لەمن و لەخۆتی دەکەی بە دۆڵپاکەی سەلیمی جەوهەری کە نەقیزەیەکی پێیەو لاملی کون کردووی و خەو وخۆراکی لێ حەرامکردووی. ئەگەر من پشتەملەیم گرت و تۆم لەژێر چنگ و کۆشی دەرهێنا و ناردمەوە ماڵەبابی خۆی، من ڕەگەزپەرست و پیاوخۆر و دژی ئینسان و ئینسانهام؟! وادیارە نە تۆ ئینسانی نەمن. چونکە ئەو هەقیەتی کوری کورد بکوژێ، کچ و ژنی کورد مەزرای بەرهەڵدای ئەو بێ و نێری و بەرانی خۆی تێیدا بە کەیفی خۆی بچەلێنێ.( ببورە لەپەردەدا گەیاندم خوایە- هەژار) کوردیش بۆی نەبێ بڵێ : قانوونت نە قانوونمە، فەرهەنگت نە فەرهەنگمە، زمانت نازانم،کوتەکت شکاندوویە سەرم، لاقم، پشتم و دیانم، تۆ لەماڵی خۆت و من لە ماڵی خۆم. بۆ بە بەرازم دادەنێی؟ حوکمی جیهادم بۆ دەدەی و بە هەزارانم بزر دەکەی ، ئەنفالم دەکەی، بە زیندویی دەمشارییەوە خۆڵم وەسەر دەکەی و پاش مردنیش بێ حورمەتی بە تەرمەکەم دەکەی، دەرپێ و کراسم لە لەش دادەماڵیی و دوقرانییەك لەسەر تەرمم بەجێ دێڵی ... چی دی بڵێم مامە ئاکۆی حەجەمخودای دوژمن بە کوردا!.
چیت پێبڵێم: من دەمەوێ ببی بە پیاو ، ئاڵات هەبێ، وڵات هی خۆت ، بەهرەی کارت هی خۆت، ژنت رووسوور، بابت تەسەل، نە ئاوارە بۆ خشتبرین ساڵ دوازدە مانگ ڕێگای قوم و تاران لەبەر. لە ئیدارەی برۆ پایین بیا بالا امروز برو فردا بیا. ئەوەی هەتە لە باخەڵتا بیدە ی بە ئاخونی کەرخۆر لە ڕیشوەتا. من دەمەوێ **مام ئاکۆ گیان!** منداڵەکەت نێوی کوردی هەبێ ، لە قوتابخانە فێری بکەم کە ئەو کوردە و مافی هەیە بە دەوڵەت بێ ، تێر و تەسەل لە ئازاری ئاخون ، چەکمە -ڕەقی فارسنۆکەر واتە زرەکوردی وەك تۆ دوور بێ. نەچاو لە ژێر ، سەر بەرز بێ ، سامانەکەی هەر هی خۆی بێ. نان سوار نەبێ و ئەو پیادە. بژی وەکو مرۆڤ بە ئیحتیرام. بچتە سەفەر بە هێمنی بلێ کوردم. ئەوەش هەویەم پاسپۆرتم ، دوکۆمێنتی دەولەتەکەم ، لێی نوسرابێ، کۆماری کورد کوردستان، بە کوردیش و یەك دووزمان. کە پشکنی پۆلیسەکە جانتای کورت بێژێ: ئەوە کڵاشی هەورامانە، ئەمەش نان برینجی کرماشانە ، ئەوەش کتێبەکەی شەرەفنامە ی بەدلیسییە، شەرەفنامەی کوردە و وەرگێرەکەی مامە هەژار ، میری گەردونی وشەی کوردی، ئاواڵدووانەی ڕوحی بەرزەفڕ و جوانیدۆستی هێمن، هۆمێر و هۆگۆی کورد. ئەوەش ئاخر بەرگی حەمەدۆکە بە ئاڵمانی. ئاخر ترکیم نەخێندووە، فارسییەکەشم ڕەوان نییە. ئاڵمانییەکەی گەلێ خۆشە. یاشارکەماڵ تۆ ناس دکەی؟ بۆخۆی دەڵێ باووکاڵم چەتە و کورد بوون، قاقا، پۆلیسەکەش بۆی پێبکەنێ. لەبەر خۆوە بڵێ: هێمن، هومێر، هۆگۆ و هەژار، چەندە سەیرە هەر چوار ببن بە یەك ، هێمن- هەژار. ئەمەش پۆستێرەکەی بارزانییە و پێناسەی کورد، قازیش سەرکۆماری هەرگیز نەمر ، سمکۆی خوای فکری کورد و کوردستانی مەزن. بۆ ڕۆم دەچم، بۆ ئەفریقا بۆ کۆنگرەی

لاوان لە کانادا، بۆ مالێزی. بە نیشانەی بۆوِنی کوردو ولاتی کورد ئالام پێیە. ئاڵای کوردم پێیە.. مام ئاکۆ! ئەوەی دەیلێم غەدرەلەکێ؟ من سەرپرم ؟ ورگڕم؟داگیرکەرم؟ دزم؟ ئاگر لەماڵی کێ بەردەدەم؟. من ئازادیخوازم. کوا من دەلێم ترك بێ ئالابێ، فارس خاکی نەبێ، عەرەب کۆیلە ی من بێ و دەربەدەر بێ. من کە لانێك بۆ مامرم چێکەم رێوی نەیبا، کورم بە ئاگاکەم گورگی ئاخوند نەیخوا، دڕم، وەحشییم، کافرم؟ گوتم... بەڵام تۆ نابیسی . تۆ هەست ناکەی دەردەکوردم.

من نامەوێ ئیتر ئەنفالم کەن، مندالەکەم بە دەست حکومەتی بیجەی ئاخوند، کوت کوت بکەن. بەسە ئیتر مامە ئاکۆ ! کەمکەن درۆ، بەسە ئیتر کەم سەرشۆریی بە تەوجیهی کومونیستیی ئینسانهاتان، جەردەکانی ئاوردەتان لە تاران و ئیسفەهانتان لە خۆ سوار کەن. ئێمە ئێژین نا ئینسانان مەکەن بە خاوەنمان، لێمانگەرێن با وەك مرۆڤ بژین، بۆ یەك بژین، بۆ کورد بژین.

کومونیستی سەر سەر و چاو ! با گەل دەنگی بداتێ و ، هەل بژێرێ. ئەگەر دەنگیان پێدای زۆرینە بوو دەنگت، ئەمری گەلمە و لەسەر سەرم، بەلام بۆ تۆ شێعرم لێدەکوژێ ؟ شاعیرێکە و ئەسپی خەیاڵی خۆی داژوێ، بە مەینەتیی ژینی رەشی خۆی هەڵدەڵێ، نارازییە بە من دەڵێ بە تۆ دەلێ بە قارەمانی خەونی خۆی دەڵێ. کێ بۆی هەیە بە بولبولێك بڵێ بۆ گول نەگری، کاتێ بە بای ساردی پاییز روحی لە جەندەکی دەفرێ . کێ بۆی هەیە گەروی شاعیر وەك زەر قاوی بە کێردی کول کون کون بکا و سەری گۆشاو گۆش لە لەش ببرێ؟ بە کام یاسا بە کام ئیدە ، کام سیستمی فیکریی مرۆڤ لە مێشکتدا ئەو تۆی فتوا داوە؟. لە مێشکتدا مامە ئاکۆ! کامە ئاخوند، کامە سەرپر کامە بەعسی کام جەللادی شاعیری کورد خۆی مات داوە؟ شاعیر دەبێ بە باش بڵێ باشە و دژ بە خراپە هاوار بکات. مەگەر وا نییە؟ مامە ئاکۆی بەرچاو تاریك, بەبیرۆکەی چینایەتیی و قوڵف و بەندی دەرەبەگیی! دەکرێ بڵێم خەتات نییە؟ تۆ لەو کەسەی لە نێو خاکا بۆ کەس زەڕی نییە و تەنیا ناوی لە نێوماندا دێت و دەروا چیت گەرەکە؟ مامە ئاکۆ ئەوە غەدرێکی گەلێك مەزنە. هیچ گیاندارێك مەگەر ئاخوندی وەك خەڵخالێ شتی ئاوای کردبێ. کەسێك کەمرد حیساب پاکە، رەوانپاکە. کەس بۆی نییە بەردی تێگرێ ، لە گۆریشدا سەری ببرێ. ئەوەی رۆژێك لەرێی گەڵدا کاری کردبێ، دژی زۆردا یان داگیرکەر راوەستابێ و تفی کردبێ، هەر کات بمرێ ئەو شەهیدە تانجی سەرە. بەڵام هەیهات بیری چەوتی ناله دزە لە مێژیتدا زۆر لەسەرە. مامە ئاکۆ وەك بزانی بە شیمیایی "رەفیق" سەددام چەند ئەندامی تێکۆشەری ئێوەی کوشتن؟ کوژران؟ یەك تکایە منت قوربان ، بۆمبنوسە ناوەکانیان تەنیا ناوەکانیان . نالێم بۆ چی کارەکەیتان مەحکوم نەکرد چونکە پارەو بۆ ژین زۆر پێویست بوو. هەر ئەوەندە ناوتان بردبان " روففقاتان" بە گاز خنکان- کوژران ئیتر بەس بوو. ئێستاش لە ئاستیاندا دمتان بووەتە تەڵەی تەقیو. بەڵام بۆ کورد کە بیکوژن چ دەر بەستی، ئێژی: کوردە و گیانی مفتە جێی خۆی بووە کەکوژراوە. جێی داخ نەبووە، چونکە بیری چەوتی وەك تۆی نەبووە. زرە کوردی مام ئاکۆ ناو ! زیانی شێعری ئەو شاعیرە بۆ کێ بووە؟، ئەو بوختانی بە کێ کردووە.؟ ئەو شاعیر بە تو دەلێ: مەمفرۆشە بە دوو گەز جاو، بە ئاخوند و دەوریە پڵاو.

مامە ئاکۆ ! هەر حوکمەتێك لە ولاتەکەم لاوم لێ سەربرێ، هەتا دەمرم دەی بوغزێنم. تۆ چۆن کاری جەلادی کورد ئاسان دەکەی؟ دیفاعییەی دەسخۆش جەللاد بۆ کوری کورد ئیمزا دەکەی؟ لاوێکی کورد کە دوژمنم عومرێ لێبستێنێ کە نەتوانم تۆڵەی وەکەم، هەتا دەمرم وێڵی ناکەم ، کەوێلی کەم لەنێو خاکی مندا بێت و بچێ گەردنی شکاوی خۆم هەرگیز ئازاد ناکەم؟ . ئەگەر کورم نەبێ، کچم نەبێ، برام نەبێ، کوری مەردی کوردم لە پشت نەبێ، من ئەو ژینەم نەگەرەکە با هەر نەبێ. من ناتوانم وەك تۆ دوژمن بە مالم فێر بکەم . نابمە جاسوس ئەسپی هەوای کورد کوشتنی بۆ زین بکەم؟ نا، ئەمن کوردم هەرگیز وەك تۆ ناکەم. من ئینسانم ، کەسی وەك تۆش بۆ نیشتمان وەك کەس حیساب ناکەم. من کوردێکی ئاگا بەخۆی کە ﷲ رەقی ئەم سەر دەمەم . تۆ پێم بڵێ ناسیونالیست! بەڵێ هەوم ناسیۆنالیست. جوان گوێ بگرە! بەڵێ ناسیۆنالیست لەوی تۆخیان. ئەمن تۆزی بەرپێی کوردم. بەبزەی لێوی مندالی کورد لەر هەرکوێ بێ، بە تووەیی کێژ ێکی کورد، گەنجێکی کورد کە رادەسێ لە دوژمنی ولاتەکەم، گەز گەز باڵادەکەم. بە ئاڵای کورد لە کوردستان بە منالێك زمان بگرێ و بڵێ کوردم من پێی مەستم. مام ئاکۆ گیان! نابێ ئیتر من کۆیلە بم. کۆیلەی بیری چەوتی فێڵەباز و جەردە و کەردزبیم بۆ من شەرمە. ئەمن کوردی کوردپەرستی کەﷲ رەقی ئەم سەر دەمەم لە ئاست دوژمن. بەڵام بۆ کورد ملم باریکترە لە موو ، ئەگەر ئازادێخواز و کوردپەروەر بێ. بەڵێ پێوانەکەم ئینسانییە . پێوانەی من جیایە لە تۆ ، لە بیری تۆ، لە بەرهەمی میشکی کرێدراوی دوژمن نشین، . دژمنی کورد داشداری تۆ. مام ئاکۆگیان کوا کۆیلەتی پیاوەتییە؟

# جەلالی مەلەکشا شاعیرە ، چەر چی نییە

با راوێژی قسە بگۆرم و بە زمانی" دیپلۆماسی – حقوقیی" لەگەڵ مام ئاکۆ بدوێم. بەلام کوا دەکرێ. ئێمەکرمانجین و ئەوەی لە دڵمان دابێ دێتە سەر زمان ، نایشارینەوە.

مام ئاکۆ !

خۆ مەلەکشای شاعیر بە تۆ نالّێ ئەتۆش کورد بە! یان نەتەوەیی بیر بکەوە.! باشچاوەشێکی وەکو فاتیح چاوە کە لە چاوە ئاودەستی فکریی مەنسورەدزەی حیکمەتدا پەروەردەکراوە و فێری سیرخواردن و زورنالێدان بووە هەر ئەوە دەوەشێتەوە کە دەیبینی. تۆش دەتەوێ هەر بەو رێچکەیەدا برۆی ، چی تێدایە تۆش برۆ! کورد بەزیی پێتان دا دێ کە هێچی لەدەست نایە بۆ تان بکات و لەو نەخۆشییە رزگارتان بکا. کورد دەڵێ: خوویەك گرا بەشیریی ، تەرك ناکرێ بە پیریی. ئەگەر ورد بینێك بخوازێ سەرچاوەی ئەو نەخۆشییە بپشکنێ لام وانیە زۆر ئاستەم بێ دۆزینەوە کەی. هەموو دەزانن، ئەو ئاکار و ئەتوارە خڵتەی فکریی حیزبەکەتە و ئێوە پێی گۆچ کراون. نازانم ئێوە چتان لە کورد دەوێ؟ کارێکی وا مەکەن سەر لە نوێ پەروەندەکان بێنەوە روو. ئەوە بۆ پلە و پایەی سیاسەتقان و ناسراوی کورد باش نییە. دەرگای سکاڵابۆ تۆش ئاواڵەیە، کەس بەتۆ ناڵێ دمت داخە و بابەتی سیاسی مەنووسە و رەخنەمەگرە. ئەوە پیرۆزە و رێزیشی لێدەگیرێ. کەس بۆی نییە پێش بە ئازادیی رادەربرینی تۆ بگرێ. بەلام رەخنەی سیاسیی لەگەڵ بنکۆڵکردنی بناخەی کۆشکی رێزو حورمەتی شەهیدانی گەڵ بۆ تەقاندنەوە بە بەشێوەی ئەنساروالسنە لەکەس قبوڵ ناکرێ. گەل خاین و خزمەتکاری خۆی باش دەناسێ. ئەو شەهیدە سەربەرزەی گەل کە تۆ لێی بووی بە پاسدار و بۆ دووهەمجار حوکمی مەنسورە دزەت بۆ خنکاندنی بەرێوە برد، لەمێژە بووەتە مامۆستایەکی رێ نیشاندەر بۆ قوتابیانی رێگەی رزگاریی کوردستان.

مام ئاکۆی خاوەن بیر ! ئەگەر هەموو بۆ ئێعدامی هەستی شاعیر،یەکدەنگ بووایەن، دەبوو ئەتۆ دژبەریان بی. ئەو هەڵوێستەت بەڵام بۆ من روون نییە و نازانم تۆ بۆ هاتووی بۆ نێو ریزی ئازادیخوازان و بۆ پیاوەتیی ؟ مەگەر ئەو حیزبە ساوایەتان لەتاقیکردنەوەی ئەو دروشمانەدا نییە کە دەڵێن: کۆمەڵگا دەبێ ئازاد بێ! کرێکار نانی ببێ، بە ئازادیی هاوار بکەن، دوکتور، دەرمان ، خوێندنگەیەك، عەداڵەتێك خۆشرەفتاریی هەبێ . ئەشکەنجە و کوشت و بر و دار و زیندان نەبێ؟ خۆ ئەو کارەی تۆ کردووتە لەگەڵ کارەکەی فاتیح جووتە.بەلام مامە ئاکۆ تۆ کوڵاوی بیری چەوتی دەرەبەگییت، بە وە نییە ئەڵێی ئازادیخواز وکۆمۆنیستێتی.

خۆ تۆ مرتضوی نیی کە خامنەیی لە لنگی نووسەر و شاعیر و رۆژنامەنووسانت بەردا. ئەو ئەگەر ئیدیعا بکا نوێنەری قانوونی ئیسلامە و دادئەستێنی گشتییە دەکرێ، بێ زەحمەت تۆ بفەر موو نوێنەری کێی؟ خۆ تۆ نوێنەری خەڵکی کورد نی. هەڵنەبژێردراوی. بەرپرسی قانوونیش نی. دەوڵەتیشت نییە. کەوابوو ئەو کوێخایەتیی کردنە بەو فارسییە شر و شپرزە یە، فضولی کردنە. باشتر وایە دووکار بکەی. یەکەم بچیە لای دوکتورێك بۆ عیلاجی گرێمانە نەفسییەکەت. دووهەمەم، ئەگەر چاك بوویەوە لەو شوێنەی مەلەکشا لێیدەژی بچیە "دادگە" و حوکی ئێعدامی هەستی شاعیر جەلالی مەلەکشا وەربگری. تۆ پێت وایە دەبوو شاعیر جێی تۆ بگرێتەوە و بە سازمانی تۆ و میری تۆ هەڵبلێ؟ باشە بە کام ئاکاری کوردیی ئێوەدا هەڵبلێ؟ پیاو نازانێ کامە بەشی سازمانتان بەرپرسە لەمەر فکری چەوت و کردەی رابردووتان؟ کوشتنی کورد؟ دوو بەرەکی نانەوەتان، لایەنگریی دزو جەردە، نۆکەریتان بۆ حەجەم، بێ ئەخلاقی پەرەپێدان لە نێو کۆمەڵگای کورد؟ تاڵانی کورد بۆ حەجەم؟ کامە بەشتان لێی بەرپرسە لەو ئاکارە جوانانەتان؟ بۆ تۆ دەڵێی بەرپرس نیم مامە ئاکۆی ماڵ لە گۆیژەی دڵ لە تاران!

دەفەرموی عادڵانە نییە و نابێ جەلال مەلەکشا دژی ئاخوند بنووسێ؟ ئەی تۆ بۆچی ئێستا کاری فاتە چاوەت پیدزێوە؟ سایتی بروسکە بۆ ئەو دەنگە ریسوایە تازە بڵاو دەکاتەوە؟ بۆ لەوە پێش نەتاندەگو ئەو پاروە بە هیچکەسێك لەمەر جیهانەدا قووت نادرێ و کەس ناتوانێ دژ بە هەموو کورد رابوەستێ. دیارە، ئەوەی مام ئاکۆش کردوویە شتێکی وەکوو کاری فاتیح چاوەیە. دەسا فەرموون بۆ پەراندنەوەی خۆتان لەو سپڵەکارییە و بۆ نیشاندانی ئەمەگناسیتان بەو سەرکردەیەی کورد لەقڵاچوالان

که بەو بایە دەژین لەلای ئەوەوە بۆتان دێ، بچنە دادگە و سکاڵایەك بدەن و بەشێوەیەکی "فەرمیی" داوای لێکۆڵینەوە لەو تاوانبارانە بکەن کە لەو کۆڕی پیلانەدا بوون تا بزانرێ ئەو سەرەپەتە تا کوێ دەڕوا و بە لەوزەی کام بەرپرسی کۆمەڵەوە گرێ دراوە. یان مام ئاکۆ شرە "شاعی"ڕی خۆدەرنەخەر کە بۆشاردنەوەی خۆی وەکو عادەتی شەفافی کۆمەلەیە لەو مەقنە( مقنعه) ئیسلامییە کە کورد بە روبەندی ناودەبا و ئێستا کوردسەربری زەرقاوی و ئەنساری سوننە بۆ کوشتنی لاوکانی کورد کەڵکی لێوەردەگرن و مام ئاکۆ بۆ سەربرینی کەسایەتی شاعیری کورد بەرووەمەتی ناوەکەی خۆی داداوە لە روخساری لابدا تا گەورە شاعیری کوردپەروەری کورد، خالید ئاغای حیسامی کە بەداخەوە جێنشینێکی نەبوو شاعیر بێ، بۆی بنوسێ کە :" چ بلێم چەندە سروشت ئارەقی رشت ... تا وەها رووەمەتی جوانتی دارِشت" ( بە داوای لێبوردنەوە لە ئوستاد بۆ دەستتێوەردانی شێعرەکەی) با ئەو پێشنیارانەی من کە دڵسۆزانە گوتراون بکاتە پەروەندە و فایلی رەش و ئیدیعانامەی سیاسیی خۆی بە ئیمزای مەنسورە دزە و فاتە چاوە و خنزرپنزرەکانی دژ بەکوردی ڕێبەریی کمونیستها، ئینسانها و کرێکارانی جیهان و "جونبیشی موقاوەمەت" و جونبیشی فیدرالیی کوردستانی ئەبەد پەیوەست بە تاران، بە دژی جەلال الدینی مەلەکشا بدا بە مودەعی العموم و بۆخۆشی بە شێوەیەکی " شفاف" داواکەی بخوێنێتەوە و داوای حوکمی مەرگی وشە و زیانی خەش و ئازاری رووحیی خۆی و سازمانی کۆمەڵەی قەدیم دژ بەکورد و ئێستا عەیار استاندارد بۆ کوردایەتی بکا. لێم بپوورێ کە دووپاتی دەکەمەوە و وەبیری دێنمەوە کە بێ زەحمەت ناوەکەشی بە ئاشکرا لە سووچێکی خەشنامە یان ئازارنامەکەیدا بنووسی و پلەی ئەو خەشە کە تەنیا ئەو شێعرەی شاعیر پێی گەیاندووە دیاری بکات. ئەو رێنوێنییەش دەبێ وەبەر چاو بگرێ. چونکە لە هیچ مەحکەمەیەکی گەڵانی ئەم سەرزەوییە و لە هیچ شوێنێك بە قسەی کابرایەکی نەناسراو کەس نادرێ بە دادگە. ئەوپەرەکەی ئەو سکاڵا سیاسییە وەکو راپۆرتی سیخورێك بۆ پۆلیس یان راپۆرتێکی پۆلیسی نهێنی بۆ دادگە چاوی لێدەکرێ. مام ئاکۆ لەبیرت بێ بنووسی سەر بەکامە بەشی. بەڵام پێموانییە بە مەسلەحەت بێ خۆت ئاشکرا بکەی. دەزگاکەت رێ نادا.

مام ئاکۆ و فاتیح و فارووق و حسێن مرادبەگیی(سەرنەویی) گریمانە و رقی پۆنگخواردووی خۆیان لە کورد بە دەستوری سازمانەکەی مەنسورە دزە( نادر ژوبین ، منصور حکمت ) و اموزشهای رێبەری مەزن کە لە لووالکی خۆیان و تان و پۆی سازمانەکەیان دەتکێ بە دژی کوردێك و شاعیرێك کە دەتوانی وەکو دۆست و خزمی زۆر قومانداری فەننی و سیاسەتقانی نێو زراوی کورد چاپ و گوپی هەبێ و بازبازۆکێی شاعیرانە بکات دریوە. لێرەدا ناتوانم وەکو کوردێك کە تۆ خۆت و سازمانەکەت کردووەتە نوێنەری بە شێوەیەکی سیاسی هەڵوێست دەرنەبرم و نەڵێم:

مام ئاکۆ تۆ و سازمانەکەت هەژارکوژن، لاواز کوژن! بەڵێ وەرگێری وتە و تێئۆرییەکانیی مەنسورە دزە، لە گۆڤاری هونەری کرێکارییدا، ئەوە بنەمای فکریی ڕێبەری پرۆلێتاریای جیهان، مەنسورە دزەیە.

با رێبەرانی سازمانەکەی مام ئاکۆ جارێکی دیکە خۆیان هەڵسەنگێنن و کۆنگرەی چەند بگرن بۆ ئەوەی بگەنەوە حیزبێکی نەتەوەیی کە جارێ هەر بە قولەقاپەشیان ناگەن! لەسەر ئیزنی "روفەقا"ی کومونیستی سابیق و پێشتریش مائۆئیست و پاشان سەهەندیست کە دوایە بوون بە مێشکەپە و پاشان بۆ دەرەوە و لەت بوون بە سێ بەش و پێکهەڵپرژان و چەدانان و هەمیسان حوللەسێ مامە رامگرە و رووتکراوم ، فریام کەوە و چوومە سوئێد خەوەری فیدرالیم هاوردگە و پاش ئەو هەموو سیرخواردن و زورنا لێدانە تازە هاتوونە سەر فێڵەکەی هەوەڵێی جونبیشی موقاوەمەت. لەگەڵ ئەوەش باس لە کورد بوون و کوردایەتی دەکەن. لەسەر وتارێکی کوردی دەبێ دوو هاتەرانپاتەرانی فارسیش لەسەرەوە بنووسن بۆ ئەوە نەکا فارسان و ئەوانەی تەواو بوونەتە فارس تانەیان لێدەن کە: ئەها ئەمانەش بوون بە کوردی وەپاشکەوتوو. ئای کوردی تا ئەبەدیت خۆ لەفارسی ئینقوللابی هاڵاندوو بەگوریسیش راتانکێشین واتان خۆ پێیانەوە نووساندوون لێنابنەوە. کە کوردی ناسیونالیست پێتان دەڵێ ئەو زورنا لێدانە بۆ مانەوە لە جونبیشی موقاومەتدا لەگەڵ روفەقا لە نەزانییە و لە پاك نەبوونەوەی قیل فکرییشوێنیستیی مەنسوورەدزەیە بە جاوی سپی مێشکی کۆمەڵە حەیاتەکەوە باوەر ناکەن . دەوەرن با وێکرا بزانین دەردمان جییە مام ئاکۆی فارسییقەشەنگ کە شێعریان بۆ دەڵێی و زورنایان بۆ لێدەدەی؛ بەو جۆرەی کە لەسایەتەکاندا نووسراوە، ئەوەی لە لوس انجلێسە هەموو خاون خوداپارەن. باوەر ناکەی برۆ بزانە چ باسە؟ بانکەکانی ئەمریکا رایانگەیاندووە: سەرمایەدارانی ئیرانی ( فارس و تاقمێك تورك)تەنیا لە لوس ئانجلێسی ئەمریکا ١٠٠٠ ملیارد دۆلار سەرمایەیان هەیە. بێ زەحمەت پێم بڵێ ئەم سەرمایەیە هی کێیە و ئەو سەرمایەدارانە سەر بە چ میللەتێکن و لە کوێوە هاتوون و جۆن دزراوە.

خۆ تۆ هەر بەو بەشە کەمەی کە لە کۆمەڵە دزراوە ئاوا گڕت گرتووە. ئەی ئەوەی لە گەلی کورد دزراوە چی؟ فەرقی نەتەوە پەرەستێك و ناسیۆنالیستێك لەگەل زرە کومونیستێکی نەزان و ئاپاراتچی رێبەرفارس و ترك و عارەب ، لەوەدایە کە تۆ بوویەتە کیبۆرد- زۆرنای ئەوانە و ئەو ئاهەنگە ی بۆت قورمیش کەن بە هیزی فووت یان کارەبا لەقووڵایی گەرووتەوە مێوورۆن لێدراو، بێ گرێو گۆڵ، بە بێفکرو بە بای گەدەت بە فڕکەفرك رەهای دەکەی. بەو فارسییە شیرین وەکوو شەکرەت ، هاوار دەکەی: ئای بچە ها زود بنویسید کورەپزها کم دادەاند بە کارگران ٢٠٠ تومان. ای کارگر ! ای رنجبر ای ابنای نوع بشر !نماند ارزش کار ، بهره، ثمر، وای کارگر ای بی پدر! نماند ثمر ای بیمادر سرمایە دار! بەلام نەتەوە پەرەست دەلێ: مام ئاکۆ کوا ئەوە دەرمانە؟ مەملەکەتیان ڕادا بە خڕی، گەنجی ئاو و خاك و گشت نێشتمان بردرا، کورو کچت، بێ نان و ئاو لەبەند کران. هەزارهەزار قۆڵیان بەسترا ئەتك کران. کورد گەل وەرن لێی راپەرن! مافی خۆتان لە زۆرداری ترك و رۆم و عەجەم وەرگرن. تۆی دۆش داماو لەبەر ماڵی مەنسورە دزە هەڵتوتەکاو، یوزی لەشان دژ بە کوردان، دێ و دەچی ئێشك گری، کا مەنسورت قاچی بێشێ تۆ بۆی دەگری، لە سوئێد بێ یان لە باکۆ هەور و هەڵا تۆ لە کەرکووك چەترت پێیە و هەڵیدەگری. کتێبەکەی مارکسی هێژات بۆ تەوجیهی نەزانینتەو بۆ بیانووەکەت، بە دەستەوە لێی تێناگەی لە دێرێکی ، گێژو ورِی، تۆ نازانی رۆژ یان شەوە. ١٠٠٠ تمەن چەنددۆلارە ؟ ئەی ملیاردێك دۆڵار چەند تمەنە مامە نەسە ؟ لالۆ حەسە!فەرقی من و ئەتۆ ئاوا کەمە. مام کرێکار ئەوە تازە سەرباریتی. ئەی مایەکەی؟ ئەی بەهرەکەی؟ مامە ئاکۆ؟ ئەگەر گۆپاڵی کورد سەر دەربێنی، ئەوەی دەنکێ گەنمی کوردی بردبێ، دەبێ ربەو نیوێك برنچ بێنێ. ئەو کات کێ دەتوانێ رەنجی شانی کرێکارم بەرێ، نوری چاوو هێزی ئەژنۆی گەنج و کاڵ و خوێندکار بەرێ. نادرە دزە سەرۆکم بێ؟ ناموس هەرزان بێتە سەرمان بۆ گەللایی؟ هەی دارزێی نەوعی ئینسان! عەیب نییە هەی دارزێن کوری کوردان!

بەلام مام ئاکۆ! تۆ هێشتا ویژدانەکەت تەواو نەنووستوە. رێگەکەتە چەواشەیە،لێت ون بووە. دەنا ئەتۆ و داری دەستیی ترکی ویژدانهێریان نەگوتووە. توش کەردزیی هاورێکانت پێخراپە. دەڵەی ماڵی کۆمەڵە حەیاتەکەت لۆ دزراوە. من ئێژم و بەرپرس نیم ماناکەی چەس؟ لۆ دزراوە؟ ئەو کەر دزە کێیە بۆ پێم نالێی کە کردتانە رێبەر وبەهەرزان ویژدانی ئاگای کرێکارانی جیهانی بۆ فرۆشتی بە دووتمەن؟ کێیە بۆ چی نایلێی؟ بۆ دەترسی؟ ئەو وا تێر و پێشمەرگەکەش ئاوا برسی؟ ئەی بۆ بۆ کوشتنی کورە کوردێك یان شاعیرێك کە بێ چەکە جیا لەکوتێك کاغەز، نیو قەڵەمێك وا بێرەحم و چاو نەترسی؟ بەڵام من ئێژم و هیچ نازانم بۆ وابووگە قسە نییە.خۆمن دزنیم، ئەی مام ئاکۆ سەرجەلەتان، کاعەولاتان قەلەو قوتەی شارەزاتان، خوێندەوارتان، ئابوریزان، مودەڕیس و قانوونزانتان ئەی پێشمەرگەی کوالیتیی و زۆر لەسەرتان چ بوون ؟ گەسکە کۆنی بەر پێشخانەی رەهەبەر مەنسورتان بوون؟ کەستان نەبوو؟ چوار حەجەمی پشت دەرپەریو ، فسفسۆکی لە قورچەقپو رۆژ لەسەر چۆك شەو دانەویو، هەروا سووك و هاسان داتانماڵن؟. بردیان بۆتان بوو بە وشتر ماڵی کوردتان، هەی قور وەسەر! هەرگ وەسەر رووناکبیری بەتاڵپاتان!. بۆ نازێکی چاوی بازی ئازەر عەجەم هەموو دەدەن سەرو مال و خاك و ئاو و زێدتان.

مامە گیان! نەتەوە پەرەستێك و ناسیۆنالیستێکی وەکو من دەلێ: من نایەڵم فارس و تورك بە مالی کورد وەر بن، تاڵانی کەن. هەزار میلیارد. تێدەگەی هەزار ملیارد چەندە؟ ئەوە هەر هی لوس ئانجلێسە. حەجەم بیباو کەیفی پێبکا. کوردیش برواسیری بۆ بخواو زورنا لێدا. بەلێ من ناسیۆ نالیستم. نەتەوە خوازم. ئەتۆش برۆ! ببە کومونیستی ژمارە ١ .

بەلێ تا ئەو کاتەی عەرەب شوێنیست بێ، فارس دز و رێوی ئاکار زیددی کوردبێ، شوینیست بێ، ترك، کوردسەرێر و میللەتقڕکەر کەمالیست بێ، منیش کوردم، کورد پەرەست و ناسیۆنالیستم. لەگەل ئەوەش هۆمانیستم. هاوار دەکەم، ئەمن ئەوەم کە هەم. ئەمن کوردم.

مامە ئاکۆ!با من خۆم پێناسە کەم من کێم؟ با لەبەردا یەکتر بناسین. بۆ رێزگرتن لەتۆ لە دەزگاکەت لە سیستمی فیکری خۆت و نیزامێکی بۆی کل دەبێ دەدوێم. تۆئۆگری میللەتی قور و لیتە ، رووتاریا و پرۆلیتێر . وایە یان نا؟ تۆ خوازیاری چینی کرێکاری کە نازانم لە کوردستان چەندسەد کەسن و لەکوێن؟ چونکە کرێکاری بێ کارخانە هەر لە کتێبی تۆ میوانە. فەرموو با وابی تۆ زوربەی و من کەمینە . حوکم بکە زۆر پیرۆزە. هەڵبەت نەك بەزۆر. وەك ستالین سەگ و ئینسان لێك مەبەستە. ئەوەی کرێکاری بارەبەری تۆی خۆکردرێبەر نەبێ بەرەو و سیبری مەرگی مەنێرە ، چاڵی ئەنفاڵ دروست مەکە و تۆوی شاعیریش تونا مەکە ! بەئازادیش حوکمەت بکە!

مام ئاكۆ! دەڵێی  ئێمە چینی كرێكارین دزمان لە نێواندا نییە. هەموو گەلی بێ وەتەنین، خەممان نییە. بە شەو بەرۆژ زۆر بە كەیفین، كارمان قاقاس هەمو براین یەكسانییە ، ئەوەش بۆ من میللەتییە و ناوی زیندەگییە.  ئەگەر وایە ئەی تێئۆرییە  سی كوچكە كەی  كاعەوڵاكە و نادرە دزەت لە بۆ چییە، سودی جییە ؟  ئەی بۆ دەتگوت دێموكراتی ورگن حەدی چییە هەبێ ؟ بۆ دەیفەرموو كاعەولاتان، دێموكراسی و هەڵبژاردن  زۆر ناراستە كوالیتی كرێكاری وەمن بەرزە و باڵا دەستە. ئەویش هی من، من  مێعیارم . مامە ئاكۆ پرۆلێتاریا بۆتۆ وەك میللەتە. تۆ گەرەكتە لەگەڵ كرێكاری كورەخانەی قوم و تاران حكومەتی ئێران بۆ من چێ كەی؟ خۆت دەزانی هەتا دنیا هەبێ پێت  چێ نابێ. چونكە نە كەس ئەتۆی دەوێ و نەدەتناسن . بە سیسالیش هاوار بكەی كرێكاران ( هەڵبە ت  تۆ نی) بێكراسن. تۆ نابووتی و  و بۆچوونیشت روو لە توونە. بەڵام بۆ منی كورد كورد میللەتە. من،  ئەگەر داگیركەرم نەبێ، سامانەكەم لەخۆم گەلێ زیادە، نە سیبریام دەبێ، نە ستالین.  نە ورگنی دەرەبەگی دڵ پر لە قین.. ئێمە كوردین وەك كورد دەژین. من نامەوێ  تۆی دیكتاتۆر ببیە سەددام لەكورد. من پێت دەڵێم با من و تۆ دوو برابین دوژمن دەركەین لە  زێدمان لە نیشتمان.  بەلام تۆی خۆ بەكەم دەبیە كۆسپی رێگەی سەر كەوتنی گەلم. دەبڵێ وانییە ! مامە ئاكۆ. بۆ چی ناچی لە قووڵایی ببری  هاوكارانت ورد ببیەوە. یەكیش لەوان هاو شارییەكەی عەلی مەریوانی لوت و گوێبر، فاتە چاوەی رەفتار بەراز، داڵی پیسخۆر، گورگی كەردڕ. هاوفكرتان، فاروق بابامیری دڵرەش لە كورد وەكوو كەمتیار لچ هەڵقرچاو، چاو داچراو سەر شۆر بۆ هەر پۆخڵە فارسێك،  مرۆتە نیشان كە دەیفەرموو: پدر بورژوازی كورد را در اوردیم. مام ئاكۆ دەزانی ئەوە یانی چییە؟ ئەو كابرایە مەبەستەكەی كورد و پێشمەرگەیە. سەد ئافەرم كاك مستەشارا! بۆ شەكرێكی شكاندووتە. مام ئاكۆ گیان! ئەتۆش بیرت وایە؟ تۆش  تێدەگەی ئەو ملهورەی بێمێژییە چی فەرمووە؟ ئەتۆ هاوبیری ئەو  مەنتەرەی كە  رووحەكەی لە تەختەیە. مامە ئاكۆ!  نە دژی فارسم نە ترك . بەڵام رێگەش نادەم بەكەس ئەگەر دەستم پروا سەرم ببرن، ماڵم بەرن، وەكو حەیوان داركاریم كەن، هەڵماوەسن، زیندانم كەن. من كوردی ئەم سەدەیەم .  من دەمەوێ  پرولێتر لە كوردستان ئەگەر هەبێ تێر وپر بێ . بۆ خشتبری نەروا ئەم شارەو شار، لەمنداڵمان تێرۆنەیەن گەللا و بێعار. وەك بەرێزت، وەك ستالین، تاقە كوردێك بەچكە فارسێك، كیژی عەرەب ، كورە تركێك  لە نێو یەكدا ناتوێنمەوە. هە موو براین بەڵام ئەمن كوردم.هۆوەش تركە، ئەو نەشمیلەش فارسە. بەڵام ماڵمان جیایە، ئاوماڵیشین بۆ خۆشبەختی  خۆمان تێدەكۆشین. من نامەوێ كەسێك كۆیلەی من بێ. منیش كۆیلەی كەس نیم. ئەم جیهانە گوڵزارێكە و هەزار گولی تییایە . كوردیش یەك لەوانە.  من كەڵە نیم بێستان بخۆم،گولی دیكە لە ژیان بكەم . كەس ناتوێنمەوە. ئەمن كوردم بەشەردۆستم ، چین چین كردن ، لەت لەت كردن دو بەرەكی بێ ئازادیی دەكا پەستم.

یەك ملیاردی ئەو پارەیەی ئای شیرازی و رەفسەنجانی لە ئەمریكا  بۆ كوردستان ئەگەر بایە  هەموو شارێك  لە كوردستان تێرو تەسەل خاوەن كارگە و نەخۆشخانە و رێگەو بانی ئەسفاڵت دەبوو. تۆ پێت وایە ئەگەر دزیی نەبێ و عەجەم بەماڵی كورد وەر نەبێ كورد  بەو جۆرە قوروەسەر و هەناسە سارد دەبێ؟   بۆ خۆت دەڵێی:

' تێئۆری خودا لێخۆشبوو حیكمەتیسم دایرشتووە دەبێ حاجی ئاغاكانی دوای ئەویش هەر دووبارەی بكەنەوە.  ئەو كاتەی كە خودا سفرەی كۆمەڵەی بۆ كردبوونەوە قاچیان راكێشا بوو لە ئەمنترین وڵاتی دنیا كەوتبوونە كۆپیەكردنی قسەو  نووسراوەی خەڵكانی كە و لەسەر پوڵی بێ ئەركی دەستەبەركراو زوو زوو لە ئوروپا و كوردستان بە هەموو جۆر قەوارەیەك بۆیان چاپ دەكرا و بڵاو دەكراوە و چەپڵەیان بۆ لێدەدرا" ( هەموو شتێك من كوتومە و ... مام ئاكۆ)

مام ئاكۆ شتێك ماوە بیلێی؟

با بۆت شی بكەمەوە ئەوەی گوتووتە. تۆ و هەموو بەرپرسانی كۆمەڵە بۆ ئەو هەموو كارەساتەی بەسەر ئەو " جوونبیشی مووقاوەمەتە"تان هێناوە و كوری  كوردتان بۆ مەنسوورە دزە و دەزگاكەی ئەو بە كوشت داوە بەرپرسن. با سامان ، دەربەدەریی كادر و لایەنگر و گوردان و واحیدەكانی كۆمەڵە كە بوون بە فت ، خوێندن و زیانی  فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی و  تێكدانی  ئەخلاقی بنەماڵەیی لەوێ راوەستابێ. ئێوە لێی بەرپرسن. تۆ چۆن دەلێی و لێی رادەكەی؟

بەرێزتان و هەموو ئەندامانی سەركردایەتی سازمانەكەتان ئەو كاتەی مەنسورە دزەتان كردە كەڵەشێری كۆمەڵە، چكارەبوون؟  پێفۆك بوون؟ توورەفەرەنگیی بوون؟ خۆ مامری ماشێنیی نەبوون؟ مریشكە

ماشێنیی مەبەستمە. ئەو دەزگایەی جووجکە هەڵدێنێ. مامری ماشێنی بۆ خواردنە نە راگرتن. هەر قەڵەو و خرکەڵە بوو گەدەی مرۆف بگرەو هات! ئاودیو دەکرێ.

بیست و یەك رۆژ دەخایەنێ تا وەچەی داکەماشێن سەر دەردێنێ. جوجە ماشێنی تەنیا ماشێنەکە بە داکی دەزانێ. جیا لەدان و دەرمانۆکە چیدی نەگەرەکە. وەك کۆمەلە مشەخۆرە و هیچی تر. سەرمایەی بۆ وەگەر بخەن بە فوو، فکر وەکار بخەن یەك و دوو، بەرهەمی کار وەدی بێنن، ئینجا مامکۆمەڵە خۆی بابدا و بڵێ من: کارگرم" سهمم کو؟" اعتراض،اعتصاب .. ئەوە سازمانی مام ئاکۆیە . جارێك، مائۆئیستە و دامەزراوە، رووی وەرگێرێ، سەهەندیستە و مەنسووریيە سووری سوورە، وەك توور، یان چەند رەنگییە فێدراڵییە و لێنینیستی!، تێکەڵ پێکەڵ ، کۆسمۆپۆلیت هەست و نیستی ، هەر چی هەبێ و ناوی بنێ و بلێ و نەلێ هەر بێچوەکەی مەنسورە دزەی حیکمەتە. بۆ خۆی لە نێو لانکەی فکری خۆیدا گۆچی کردوون، بینایەکە هەر یەکە و لەسەر زبلی بیری مەنسور عەجەم داندراوە. بۆیە لەو بێستانە داری ژەقنەمووتی فاتەی شێخ الاسلام بەرزە باڵای. پاشەبەرەش مام ئاکۆیە و وەهەر لەو لق و پۆپە داچۆراوە. تاق و لۆقەش قنگەلاشك و دەنکە دەنکەش گۆڵمازوو هەن، رەنگە گوڵی باهاوردەش هەبێ لە نێویاندا.

با خوویەکی مریشکە ماشێنیشت بۆ بڵێم کە راست لە نێو پەروەردەکراوانی دەزگای مەنسورە دزە ( نادر زوبین) دا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە کەڵەشێرەکان کە دیارە فەرماندەرانی ئۆردوگای مریشکانن سەر بە هەموو کون و جێیخەو و لانە ی هەموو مامرەکاندا دەکەن و تەنانەت هێلکەکانیان دەشکێنن و هەڵیاندەقورێنن . لەوەش زیاتر چونکە فەرهەنگێکی نەتەوەپارێزییان نییە و ماشێنێك دایکیانە و باویشیان کە نییە هەر مریشکێك بریندار بێ هەموو کەڵەشێر ومریشکی ئەو ئۆردووگایە دەکەونە سەری و لە چەند چرکەدا دەیخۆن. ئەگەر وێچوونێك لە نێوان رەفتاری ئێوەو مریشکە ماشێنی هەیە و من درکاندوومە لێم مەگرە با ئەو قسەی منی کورد بۆ تۆ ببێتە دەرسی ئاگادارکردنەوە و بە خۆداهاتنەوەتان. مام ئاکۆ پێم بڵێ ئەی ئێستا بۆ نوێنەرانی پرۆلێتاریای ئێوەی قەدیم رێبەری اینجا بزن ! انجا بزن! بزنبزن ! نانخۆری جێخۆش،دیفاع لە کورد ناکەن. دەزانی بۆ؟ چونکە ئیتر کورد ئەنگوستیلەی قامکی ئەوان نییە. کورد دەیەوێ خاوەن مافی سیاسیی بێ وەك ئەو، یەکسان.

مام ئاکۆ!

ئەو فەرهەنگی بەرەڵلاییە کە لەنێو پیاوو ژنی کورد لە هەندەران و لە بەشێکی کوردستاندا بوو بە باو تۆ شەرەف کێ پەرەی پێدا؟ نامەوێ بە کۆنەپەرست و ئەو توررەهاتەی ئازەرخانمی ماجدی دەیلێ و مەنسورەدزە بە کردەوە فەسادی پەرەپێدا مەحکوومم بکەی. ناکرێ یان لەوانەیە دەستت نەکەوێ و نەتوانی سەیری ئارشیوی نەخۆشییە شوورەییەکان بکەی و رێگەچارەی پێشنیارکراوی رێبەرانی راستەقینەی سازمانەکەتان و باسی چارەسەریی رووتینیی ئەو نەخۆشییانە لە زمان مەنسورە دزەوە بخوێنیەوە. لامواپە هەستی گەلدۆستیی نووستووت وەخەبەر دێ و تف لەو رابردووە دەکەی کە بووتە و حەجەمۆکەی فێڵەباز بۆیان کرد بوویە چارەنووس و کوری خەڵکتان بۆ بەکوشت دان تا ئەوان لە ئوروپا بۆی بلەوەرێن. مەگەر وا نییە مام ئاکۆ؟ ئەگەر کورد مافی نەتەوەیی داوادەکرد ئەو کات دەزانی ئێوە چیتان دەویست؟" جونبیشی موقاوەمەت" ، بەڵام بۆ چی؟ بۆ گیرفانی ئەو مام حاجیيانەی خۆت گوتوتە. تۆ خۆت گێلیش بکەی خاترجەم ویژدانت شتێکی دیکە دەڵێ. من پێموایە تۆ ویژدانت وەکو هێندێك لەو کەسانە بریار نادا کە تەواو دۆراون. پێموایە تۆ خۆت بە تەواوی بە حەجەمی فێڵەبازو جەردە نەدۆراندووە. تۆ تماشای پیاوە ئیماندارەکانیان بکە و بێ ئیمانەکانیان هەڵسەنگێنە!. تودە، چریك، ئیسلامیی ، جەبهە ی میللی، موشارەکەت ، پاسدار، دادئەستێن، ئیمام ، پیاوی سیاسیی ، دوکتور، رووناکبیر کامیان وێژدانیان هەیە؟ مام ئاکۆ من کارم بە تاق و لۆقێك نییە. سازمان و تەشکیلات مەبەستمە . ژیانی فەردی و جەمعی وەکو یەك نین. ئەوەی کە سازمانەکەی تۆ بێگانەیەك بریاری پێداوە و تۆی ساویلکەی کێشاوەتە نێو شەرەوە جینایەتکارە. تاوانەکە لەسەر ئەو کوردە ماڵوێرانەیە. هەر بە قسەی خۆت کە دەڵێی خۆی پی بەخێو کردووی و ئەوەی پێیخۆش بووە لێی کردووی وایە یاننا؟ خۆ ئەوە من نەمگوتووە.

دەکرێ پێم بێژی ئەو دامو دەزگایەی کومونیستی کرێکاری لە ئەمریکا بە چی کردرا؟ بڵێی نەزانی؟ ئەگەر نازانی و لە ناوەندی ئەم دەزگایەدابووی لێم ببوورە ناتوانم سەرکۆنەت نەکەم . ئەگەر دەیزانی و نایڵێی دەبێ بڵێم مامە لێم ببورە لەو کارە نارەوایەداشەریکی و هەر دەلیلێکی بیهێنییەوە ناتپەرێنێتەوە.

مام ئاكۆ دەزانی چت نووسیوە؟ مەگەر ئەوە تۆ نی کە دەڵێی :

"دوای تێرۆری غوڵامی کەشوەرز و سەدیقی کەمانگەر بە یاری و کەرەمی رەبانییەوە درگای دزین و کێشانی سەروەتی کۆمەڵەیان بۆ کراوە. رەهبەریی کۆمەڵە رایگەیاند دەبێ لە دەمی پێشمەرگە و تەواوی خەرجی تەشکیلاتیبگێرێتەوە تا بتوانین لە ئورووپا هەر سێ مانگ جارێك ماڵ و ماشێن بۆ برێك لە ئەعزای دەفتەری سیاسی کە دەبێ بۆ پاراستنیان ماڵی تایبەت و ماشێنی باشتر بکرێن. هەر ماڵێك راتوس یا ویلا لە ئورووپا کریەکەی خەرجی تەواوی هاتوچۆ و عەمەلیات و هەڵسوورانی مەڵبەندێکی گەورەی کۆمەڵەبوو. جاخودا دەزانێ چەندی وەکو فەرهادی بەشارەت ٧٥٠ هەزار کرۆنیان برد یان بێهرۆزی میلانی ٢٠٠هەزارفرانکیان برد و دوکانەکەی کۆمەڵە بەر خیابان کەوت ئەم سەنەدە لە ئیدارەی ماڵییەی سوئێد سووتا بوو بۆیە کۆمەڵە چاوی پێی نەکەوتەوە."

گلەیی بێ بەلاتەوە چۆن ئێژی:" کە بەیاری کەرەمی رەبانی دەرگای دزین و کێشانی" ... بۆ ناڵێی ئەم مام رەبانییە کێ بوو کە دزییەکەی بۆ حەجەمان دەکرد؟ ئەی کا عەوڵا و کاحومبەر و کاك سەڵاح و فاروقەی بابامیریی تۆ چکارەبوون؟ چۆن لەبەر چاوی ئێوەی بەرپرس سەی... ... ئەو هەموو ئەتکەی بە کچی خەڵك دە کرد و ئێوە فزەتان لێوە نەدەهات؟ کێ بەر پرسە؟ ئەو ئیمامی رەبانییە کە دزیی دەکرد و دەرگای دزییەکەی بۆ حەجەمان کردبۆوە کە هەم بخون و هەم ببەن و ببەن ئێستا لە کوێیە و چکارەیە؟ بۆ ناوێری ناوی بێنی؟ بەلام هەڵدەکوتیە سەر شاعیرێك کە هەستی نیشتمانپەروەریی و کوردانەی خۆی بۆ کەسێك دەربریوە کە قارەمانی خەیاڵی بووە. بۆ سەعیدی یەزدانپەنا، سەگی بەر دەرگاشی لە مەنسورە دزە کەی ئێوە کە پەیکەرەی نازانم لەچی بۆ دادەتاشن باشتر نەبووە؟ تۆ ئەو کوردەی کە خۆت پێ کەمە و ئەوەی لە نێو کورددا هەڵبکەوێ بۆ تۆ کەمە. بۆتۆ بەرماوخۆریی فکری مەنسورە دزە فەخرە. کوری کوردی خاوەن بریار بۆ نموونەی پیاوی وەك تۆ نەیارە ، خوێن دوژمنە، پێم ناڵێی بۆ؟ ویژدان نوستوو مێشکت هەیە کوێچکەت کونە؟. مەلای خەتێ لە نێو کورددا زۆرن ئێوە هەموو مەلای خەتێن. میری رەواندزی خاوەن تۆپی سەر بە پەیکان، دژ بەسوڵتان فەخری کوردان، بۆ تۆ میرەکوێرە، کافرە و دژ بەخوای خەلیفەکەی ترکی عەنەدوڵە، کوشتنی خێرە، بە هەشت بۆ ئەو چاپارخانە و بە خوا فێرە. دەلەی بۆی دەنووسی ، فتوا دەدەی با بیکووژن کورد و دەوڵەت ؟ کورد و میللەت؟ مەگەر لە کتێباندا نەنووسراوە کورد و زیللەت؟ برۆ بەرەو بە هەشتەکەت مامە ئاکۆ لەگەڵ حەجەمۆکەت. با خەنیت کا . برۆ بێژە میری مەزنی کورد کافرە . وەباڵی کورد بەگەردنت هەر چەند نییتە و زۆر لەمێژە نالە دزە شکاندوویە. تۆی کۆمەڵەی دژ بە خواو بەدین چۆنە لەو جێیەدا کە ناوی دز دەبەی خودا بە دز دەکەی؟ خوا دروست دەکەی کەوڵی دزیی لەبەر دەکەی؟ بۆ ناوێری بڵێی کام حەجەمە و خوای عەبەو رووزە و فاتەی شێخە؟ بۆ خوا دەکەی بە دز ؟ تۆی ترسنۆك شەریکە دزا!. یاری و کەرەمی رەبانی و مام حاجی خوالێخۆشبوو، ئەو حەیتەوەشێنانەن کە ئێوە هێناتاننە سەر خەز و بەز. وانییە مامە گیان؟ ئەتۆ و هەموو ئەوانەی کە کۆمەڵەیان دامەزراند و دوایە دوراندتان، ئێوە دەردی خۆ بەزلزانی و بە کمزانیتان هەیە. بۆ کورد کەستان پێ پیاو نییە ، کەستان پێ ژیر نییە، کەستان پێ کورد نییە، مەگەر خۆتان. خۆتان بە خاوەنی مێژوو دەزانن بەڵام جیا لە جاسوسیی و دژایەتی کورد و کۆمار هیچتان نییە.. خۆتان کردە قرولێتێر ، کامتان کارێکتان کرد مشەخۆران ؟ بارێکتان برد گەدەتێران؟ ئەوەی خەڵك نەیبوو ئێوە بووتان بە کێ دەڵێن رووتە و پووتان؟ لایەنگری پرۆلێتر، زەحمەتکێشان!! مامە بە سیە بێزم هەستا خڕی کەوە!..

مامە! ئەو کوتکەی مەنسورەدزە لەئێوەی دا و رووت و قووت وەدەری نان و نەتانوێرا بڵێن لەل،حاشای لێناکرێ! ئەگەر وایە کە وایە و ئێوە ناتوانن لە هەقی خۆتان پارێزگاری بکەن، ئەی چۆن دەتوانن هەقی" میللەتی کرێکار" بستێنن؟ ئێوە مەنسورە دزە گاوی کردوون و شەرەکەی بە جەلالی مەلەکشاو شەهیدانی کورد دەفرۆشن؟ بەڵێ ئێوە رووناکبیرەکانی ئێمەن لە گەرەکی چەپ. من نابینم فەرقێکی زۆر هەبێ لە نێو روناکبیری لای شانی جەپ وتاریکبیرە کوردەکە. هەردوو چرای زەینیان بێ پلێتەیە و خۆ ناناسن.

شەهید یەزدانپەنا سازمانێکی عەجەمیی کردووەتە کوردیی. بیری چەتی کابرایەکی ئیسفەهانی پێچایەوە و نایە گیرفانی و تەمرێکی لە پشتیدا و ناردیەوە بۆ ماڵی خزمانی. کۆرێك لاوی دەست و پێبەستراوی نێو قەوەزی ئێرانچێتیی لە ویروسی مێژییکوژی "فارس گەورەس کورد گچکەیە " شوعاری هون رزگار کرد. زمانێکی نەتەوەیی سەرخۆ بوونخوازی وەگەر خست، جۆش و خرۆشی لەنێو ماڵی زەین و مێشکی لاوی خوێنگەرم خستە گەر. گەنجی قاڵبووی لەئەزموونی خەباتیاندا وەستان. بە

تێکۆشان خۆیان ناساند. بەڵام کەڵلاکەتان کە مام دزبێ، ئێوەی لە گەڵ حیزبی کوردی کردە دوژمن. بە سەتان پێشمەرگەی بە کوشت دان. سازمانەکەی لێ تێکدان. فەرهەنگی فەسادی هێنایە نێو کورد و کوردایەتیکردنێ بە گڵاو لە قەڵەم دا. دوایە هەمووی پێ پێچانەوەو بردنییە دەرەوەی وڵات. ئینجا بە پەرۆیەك یەکە یەکە وەکو مشکی بێ هەست دەرمانخواردوو بە دوو قامکان فرێی دان( برو انجا کە من خواستم). جارێك کا عەلا گوتبووی "دەریشم کەی من هەر نارۆم". ئەوەش لەسەر کوردان بنووسە. هەموو سامانی حیزبەکەتانی خوارد و فزەتان لێوە نەهات. لە هەڵسەنگاندنی ئەو لاوە کوردە کە بەرهەمی ژیانی داوە بەکورد و تە نیا گیانی بووە و داویە بە کورد لەگەڵ مەنسورەدزەی دژ بەکورد کامیان لای تۆ دەبێ خاوەن رێز بن؟ دەپێم بێژە بە کورد دوژمن! من نازانم مە نتیقی تۆی کورد چۆنە؟ مندالێکیش دەزانێ "ئەوەی بکا بێگانە پەرستیی ئاخر دێنێ شکستیی".

مام ئاکۆی تووتن خۆش!

خۆ شاعیری کورد، مەلەکشا نە سیخورە و نە دز و نە پێشمەرگەی کوشتووە و بە کوشتی داوە. بۆچی دەبێ ئاوا هێرشی بکەیە سەر. خۆ کاك سەعید یەزدانپەنا و براکەی چ خانووبەرەی کۆمەڵەیان زەوت نەکردووە، ٧٥٠هەزار کرۆنی کۆمەلەیان نەخواردووە . چۆنە شێعرێکی جەلالی مەلەکشا ویژدانت دەهەژێنێ بەڵام ئەو هەموو بێغیرەتییەی خۆت و رێبەرانی کۆمەڵە بە قسەی خۆت، ویژدانت بە ئەندازەی سەرەدەرزییەك بریندار ناکات؟ تۆ بڵێی هیچکام لە هاوکارەکانی ئێستات بەرپرسی بەشێك لەو گەندەڵکارییانە نەبن کە تۆ بۆنەکەیت بە سەرداچووە. پێم ناڵێی ئەو ئیمامی رەبانییەی دەرگای بۆ فەرمووکردن و بەهەشتی چلپە و چلە و حوریی بێ لەمپەری کۆمەڵەی پێشکەش کردن ناوی چی بوو؟ ها؟ مەنسورە دزە کێ هێنای؟ باقی روفەقا کێ فەرشی سووری بۆ رادەخستن؟

مام ئاکۆ! ئەوە چۆنە یەك قەڵەم هەر تەنیا ئەوەی کە تۆ ئاگات لێیەتی ٧٥٠ هەزار کرۆن فت. بەڵام رێبەرەکانی کۆمەڵە بریار دەدەن لە نانی پێشمەرگە ببرن بۆ ئەوەی ماشێن و ویلا بۆ حەجەمان بکرن. ئەی ئەگەر ئێژم رێبەرانی سازمانەکەتان، تۆشی دەردی قوردەماخیی خۆیی و هێچ و پووچیی، لای دوژمنن بۆیە نزمن گوناە نییە ، تاوانە، بێ کەسایەتین و خۆ لەبەرامبەر عەجەماندا بە کەم دەزانن توورە مەبە و هەڵمەکوتە سەر کورد بەعادەت. هیچ لەخۆتان پرسیوە کێ وای لە کورد کردووە لە بەرامبەر بە حەجەمێکی تریاکفرۆش هەر لەبەر فرو فیشاڵەکەی خۆی بەکەمتر بزانێ؟

مام ئاکۆ ی ناحاڵیی! خۆ تۆ کوردی دەزانی وەرە پاڵتاك و پرسیار بکە بزانە فەرقی "کوسەفووەکەی تۆ و یەگوسلاو( یۆگۆسڵاوی) و سێربستان و ... کوردستانی چوار بەشکراو چییە؟ فەرق و جیاوازییە ك کە تۆ نایزانی. ئەو فەرق و جیاوازییەی مەنسورە دزەی دژ بە کورد و مام تەقوایی و حۆریی حیزب ئازەر خانم لەگەڵ ئێوەی زوڵملێکراوی سەر نەوی . فەرموو وەرە باباسی کەین، ئینجا چاوان زیت کەین و هاوار بکەین وەکو شای خۆشەویستی قارەمانی خەیانەت لە کۆماری کوردستاندا. برۆ تماشای مێژوو بکە کە بە کوورە راپورتی خزمەکانتانی بۆ دەچوو و دەیگوت: مەیەڵن داوای ماف بکەن ئێران دەبێتە باڵکان. پێتان وایە ئێران ئێستا باڵکان نییە؟ نەفتی چرای زانستتان پاڵێوراو نییە . ئەوش فەرمایشتی مەنسورە دزەیە. کورد بۆی نییە داوای ماف بکات. شەری نێو خۆ دروست دەبێ. قسەی با. مەگەر ئێستا زۆر ئارامە ئەم جیهانە. هەر بۆ کورد و سامانێتی ئەم بەرنامە ئەم وتەیە ئەو ئیلهامە. مامە بۆسۆ هەستا لە سیوات وەك شێعرەکەت. تۆ کە زانیاریت لە سەر شتێك نییە بۆ دەیکەیە" شێعر"ە کەت.

تۆ دەتەوێ ببیە رێبەر، ناوی "مام" مامت وەك لاسایی دوو سەرکردەی کورد لە خۆت ناوە . ناتەوێ کەسیش بزانێ تۆ کێی. دزیت لێدەکەن ناوێری بڵێی کێیە. جنێو بە شاعیر و شەهید دەدەی ناوێری ناوت دەرخەی . تۆ دەزانی کەسێك بە نهێنی و بێ ناو شتێك بڵێ و ناوی بە رەمز بنووسێ و نەیەڵێ کەس بزانێ، ببوورە چی ناو دەنێن؟. فەرموو ئەتۆ ناوی راستەقینت بڵێ هەتا ئەوەی ئاوا ئابروت دەبا وات لێنەکا." تۆ کە ناتخورێ بنی رانی چیت داوە لە نانی شوانی". ئەگەر رێبەرانی کۆمەڵە پێیان گوتووی لاقی خەڵك بگری، کارێکی بەجێیان نەکردووە. چونکە هەمو کەسێ کە کاری سیاسیی کرد هەڵەش دەکا. کەسێك کار نەکا دەبێتە ئیمامی رەبانییەکەی تۆ. بەڵام ئەگەر کەسێکی راستەقینە و حقووقیی عەیبێکی بێ، هی کۆ مەڵە یەك و دەیە. لە بیرت بێ دەبێ بزانی و فێر بی و شتێك کە نایزانی خۆی لێنەدەی. بۆ لێم بوویە مەنسورە دزە و ناوی قەببەی حیکمەت لە خۆت دەنێی؟ ناوی ئاوا بۆ ترسنۆك نابێ. بۆ تۆ نابێ . بە رێزەوە بۆ خاوەنی بنێرەوە.

بەڵێ مام ئاكۆ كە "شێعر" بۆ فارسان ئێژێ، بیری لەوە نەكردووەتەوە كە كاتێ وشەی "مام" لەژێر ناوی ئاكۆ دا دەنووسێ نازانێ مام بە فارسی ماناكەی شتێ ترە. مام بە فارسی دەبێتە دایك. فارسێك كە" شێعر"ەكەی بخوێنێتەوە، وای تێدەگا كە" مام" ئاكۆ یانی دایكی ئاكۆ، یان دایكە ئاكۆ. دەفەرموو ،من خانلەری لەكوێ زیندوو بكەمەوە و پێی بڵێم ئەم هەڵیت پڵیتە بۆ پرولێتاریای فارس بە زمانێكی لووس و لەبار بۆ كابرای زۆرخۆری بێكار بەرێتە دوكانی دەوەكڕ و بەیتار( لەبەر ئەوە هەیبەتی شێعر نە شكێ وشەی بەیتار خۆی لەو دێرە خزاندووە.)

مام ئاكۆ بەو فارسییە شل و شەوێقە و فاتیحی شێخولئیسلامی بەو زمانە" بنظر من، بنظرمن" ئێرۆتیكفارسییە كە من ناتوانم ناوی بێنم ، چۆن دەتوانن كاپیتاڵی ماركس بۆ گەلحۆكانی كمونیستی كرێكاریی حیكمەتیست كە ٢٣ ساڵە بردوویاننەتە سەر ئاوو بە تووننییێتی ناردوویاننەوە لێك بدەنەوە؟ ئەو كاتەی ئەم تاقمانەی ئێستا و ئێوەی لەوەبەریان بۆ لای بورجوازییە كە ناردەوە لە كارنامەكاندا نووسیبویان كە: ئەمانە چەكمە قەرتاڵن و لاسایی چەكمە ڕەقان دەكەنەوە و گەڵحۆن ، چونكە هیچ فێر نابن و ئێمەش ناتوانین لەوەزیاتر گوێمان لەو فارسیی گوتنەیان بێ. هەربۆیە دەیاننێرینەوە ماڵی باوانیان. جا وەریان دەگرنەوە یان نا بە مەچی؟ ئەو قسە نەستەقەشیان بۆ نووسیبون " ماڵی قەڵب سەر وەساحێبی" هەر وەها لە بەشی ئەخلاقیاتی كارنامەكەدا نووسیبویان : ئەم دەرەبەگانە كە تواناى فێر بوونی اموزشهای رفیق حكمت ( نادر ژوبین) یان لە مەر كاری بیلعەت بە تایبەتی و بە شێوەی گشتیی لە سەیاسەت دانییە، بۆیان نییە جیا لە فارسی بە زمانی دیكە ی وەكوو كوردیی كە زوانی بورژوازییە بپەیڤن. جونكە ئەگەر جارێكی دیكە هێنامانەوە پێویستیان بە ئاموزش ( ڕاهێنان و پەروەردە ) نەبێ.

لە سكاڵانامەكەی مام ئاكۆدا " شێعرێكی" كۆمۆنیی مێشكەپەیی لەشی ئاكۆی هێنابووە جۆش و گەراند بوویەوە مەزرای شێخاڵیی و "انسانهای" كومونیستیی كارگەریی جیهانیی، جڵیتبازی و ڕمبازێنەكەی جاران و بەخەیاڵ خۆی لێبووە بە دۆنكیشۆت و دەیەوێ بەكلاوخودە میراتییەكە ی دەستكردی وەستا خولەی شێخاڵیی و ماینە قۆڵترەكەی تاهیر ئاغای سیخورمەسلەك و شمشێرە دارینەكەی بەر قەدی كۆنە ئەفسەرە كەی ڕەسوی مام نادر لە بەری گەوركان و دۆڵی نێو چووان بچێتە شەڕی ئاشی با كە من بم . با لەبەردا ئەو بە ناو شێعرەی بۆ ڕاست بكەمەوە و هەڵەی فارسیی نوسینەكەی بۆ بگرم . كورد گوتەنی: كاكە ئەوە سەوەتەیە و سەنعەت ئەوە مزگەریی نییە و ... بادان.

هەرچەند من بە خەتای مام ئاكۆی نازانم كە كوردیی و فارسیی ئەو جۆرەی پێویستە نازانێ. چونكە قەرار وانییە كە هەركەسێ بابی شاعیر بێ كورەكەشی شاعیر بێ. هەروەها ئەوە قاعیدە نییە كە هەركەس باوی نیشتمانپەروەر بێ مانای ئەوەیە كورەكەشی هەر وا دەبێ.

با لەبەردا بچمە لای كچە شێعری شاعیری نەناسراو و بە چاوی مشتەریی لێی ورد ببمەوە و بزانم ئەو دۆتەی مام ئاكۆ زرباب ڕەسەنە یان نارەسەن؟ بەردەست كراوە یان لە كلوبی شێعری ڕوفەقادا بۆژۆكراوە؟ و هتد... پاشان دەچمە سەر پەخشانەكەی و هەڵەكانی بۆ ڕاست دەكەمەوە. وادیارە لەو دەزگا پر لە ماشێن و فلان و بێهمانەدا فارسینووسێك پەیدا نابێ هەڵەكانی مام ئاكۆی توتنخۆش ڕاست بكاتەوە. ناوی قەببە و شاری وێران خۆیەتی.

كاكی شاعیر فەرموویە :

من عشقم را در سال بعد یافتم كە میگوید: مایوس مباش

من امیدم را در یاس یافتم ، مهتابم را در شب یافتم، عشقم را در سالی بد یافتم و هنگامی كە داشتم خاكستر میشدم گر گرفتم.

مام ئاكۆ ناچارم بۆ ئەو جاوەی ڕایەڵت كردووە خەلاتی جۆڵاتەنەت بدەمێ و بە ناوی مام ئاكۆی ماعیرالشوعەرا نێودێرت بكەم . مام ئاكۆ پێم وانەبوو ئەوەی من بۆم نووسیبووی ئاگرت لەسەر پشتی دەكاتەوە كە " هنگامی كە داشتی خاكستر میشدی گر گرفتی"، ئای لەو بۆچرووكە! مام ئاكۆ ئەوە لۆ فەرقی قبل و بعد نازانێ. ئەگەر زانیبای ئەوشتە سەیرەی ئاوا دەنووسی: من عشقم رادر سال قبل یافتم كە گفت یا ...

ئەوەی بۆ ئەو مێعرە زیادییە ،ئەم وشانەن . ئەو شەتەحاتە لابە تا بزانی بە موو فەرق دەکا ؟ جوانتریش دەبێ بروانە : عشقم را یافتم و گفت: مایوس مباش

مامەگیان! تۆخوا کومونیزمەکەشت وەکو شایەرییەکەتە؟ پێم بێژە مانای ئەو دێرە کە لە دوو هێلی سەرو خواردا نووسیوتە چییە کە لەگەل خۆتی دەگێری؟ پێت وایە ئاردەتوت پییە؟ یان هێلکەی دوو زەردێنەی سالی گرانییە؟ ئاخر ئەوەش بوو بە شێعر کە:

من عشقم را در سال بعد یافتم کە میگوید: مایوس مباش

بەلێ بۆ کەسێك لە مەنسورە دزە فارسیی فێربوو بێ لەوە باشتر نابێ. تۆ کە نازانی دێرێکی فارسیی بە رێك و پێکی بنووسی بۆ ئێرەیی بە جەلالی مەلەکشا دەبەی کە شاعیرە. با بۆت راست بکەمەوە و تەرکی ئەم دێرەت کە کەوتووە بێنمەوە جێ.

من عشقم را در سال بعد یافتم کە میگوید : هەڵەیەکی زەقی تێدایە ئەویش ئەوەیە کە نازانی رابردو و داهاتوو فەرقیان چەس؟ بەرێزتان دەبوو ... بنووسن کە: گفت . من عشقم را سال بعد یافتم کە گفت. یافتم رابردووە . تۆ دەتتوانی بێژی... کە میگفت بە لام کاکی ماعیر! ئەو دێرەت بەو حاڵەشەوە هەر"نەقوستانە". پارەکە ئەوینە بەرەللاکەت دیوەتەوە بەلام هەر ئیستا و لەو کاتەدا کە دئاخفین ئەو بەرەڵلایە وەقسەدێ، کوو وا دەبی؟خۆ شێعر سوڕی نیزامیی و جاسووسیی و شتی وا نییە کە چەن ساڵ بشاردرێتەوەو پاشان بخرێتە سەر سایتی بروسکە. بۆ نمونە، ئەو شەکر شکاندنەی فاتیحی شیخ الاسلامی هی ئەو کاتە بووە کە ئێوە هەمووتان کۆمەڵە حەیاتەکە بوون. خۆ شێرکۆ بێکەسیش لەوێ بووە و بە شێوەیەکی شاعیرانە گوتوویە کە" نابێ ئەمجادی کورد" بێ رێزییان پێبکرێ. ئەوە لە رابردوودا بووە و کارەکەکراوە و تەواو بووە. بە چ حیسابێك کە لە رابردوودا شتێك روی داوە و تەواو بووە، ساڵێك دواتر وەقسەی دێنی. مندالی چوارساڵانەش هەڵەی ئەو تۆ ناکا. ساڵی دواتر دیتمەوە دەڵێ مام ، دەستی مام ئاکۆ چەورە. هاااااااایییییییهههههمممممممممممم . ساڵی دواتر ئەوینم دیتەوە و دەڵێ نابێ جرپن بی!... کوا فارس و کورد و عە رەب ئەوەندە سەرخۆش دەبن کە دێرێك بە لەقە لەق و ئاوا بێژن. ئەم جانەوەرەی تۆ دروستت کردووە سەیر داعبایەکە سەلك و بنکی وێکرا نەگووراون. ئەو دوو دێرە ئاوەژوو بکەوە بزانە چی لێدەردێ. ئێژێ ناهومێد مەبە پارەکە دوزیمەوە... پێشنیار دەکەم لەجیاتی " شێعر گوتن " ئەگەر نیوە نووزە دەنگێکت هەبێ فێری قامگوتن بی باشترە. بۆ قامگوتن بە تایبەت لە داوەتاندا رێزمان و شتی وا پێویست نییە و دەتوانی ئەو "شێعرانەت لە سەر ئاهەنگە کانی سێگای ئیرەج و مایەی بە " کەیفی خۆت " ئامادەبکەی و بڵێی : ئای مایوس مباش ئئئاااهههااای پارسالئااا نە سال بعد هههههاااا پیدا یش کردم میگوید: مایوس مباش گرمیگیرم هههههاااا هههههااا.. وریا بە لە کۆر و کۆبوونەوانەدا نەکەویە بەر پەلاماری فڕئاوێژان . من بۆ خووات پێدەڵێم ، تۆو فاتە گەشتی لەژێر ئەو بارە زبڵەی بە کۆڵتانەوە گرتووە دەرنایەن. هەر چەند کورد ماڵی ئاوابێ جاروبار بۆ جینایەتکاریش دەپارێتەوە. مادام بزانن بەردت بە کێلی شەهیدان داداوە و تەوس و پلارت لە شاعیری گوڵسروشتی کورد گرتووە کەوڵت لە بازاری کەوڵە رێویاندا دەبینمەوە!.

رەنگە بڵێی هەر کەس لەسەر گیرفانی خۆی و تۆ کارت بە فەحەی وەباخەڵ ئۆپەمەوە نییە. راستە بەڵام خەڵك دەزانن ئەو کاتەی کە ئەو رێی کەلامی لێ بزر ببوو لەگەڵ ئێوە بوو . چۆن بوو ئێوە ئەو ئەسپێیەتان لە کەوڵی خۆ دانەوەراند؟؟ نانخۆری ناندێندڕ، ئێوە کە جبە و جامانە و ماشێنی بن پێتان و کراسی بەری" پرۆلێتریای میللەتی ئۆردوگاتان" هی هێزێکی کوردە چۆن ئاوا بێ رێزیی بە سەرۆکەکەی دەکەن؟ لە هەموو ساڵانی رەشەکوژیی کۆماری ئیسلامییدا کێ ئێوەی پاراست؟ چۆن بوو ٢٠٠ کەس لە کادر و لایەنگری ئەو دێموکراتە بورژوا تەوەزەلەی لەبەر چەوری داتەپیوە کە لەوە بەر هاوپەیمانی یەکێتی نیشتمانی بوو نەیاندەتوانی پەل ببزێون کوژران و ئەو یەکێتی شورشگێرانی سەر بزیوە بۆ ئێوە بەدفەرە کە بە دەیان کەسی لێ تێرۆر کرا؟**کەچی** ئێوەی غەرق لە شێعر و شاعیری و لە بەزمگاهی ئەنوەری بۆچی کلتان لە چاوی شەهلاتان کاڵ نەبووەوە؟ یا دەزگای تێرۆری ئاخوندی ئێوەی پاراست یان ئێوە لەگەل رژیم کەین و بەینی خۆتان هەبوو. یان یەکێتی نیشتمانی و رێبەرە بە مشوورەکەی بە قیمەتێکی زۆر ئێوەی پاراست، یان ئێوە کەسانێك نەبوون کە ئەو رژیمە بایەخێکتان بۆ دانێ . وا دیارە هەبوونی ئێوە بۆ کۆماری ئاخوندیی زیانی نەبووە بە لکو بە سوودیش بووە. کەسێکی وەکو فاتەی شێخ

الاسلام به ئێوه نەبێ لە کوێ بە مەنسوره دزەی ژوبینی دروست دەبێ.بۆ کۆماری مەرگ و بۆ کورد کوشتن چەندە بەکەڵکە. ئەوە خەتی ئێوە بوو کە ئێستا ئەو قارداشانەی لە کورد راست کردووەتەوە.

با بێمەوە سەر شێعرە مێژووییەکەی کاك نونی شمشێر نیشانی حەجەمقارداش.

ئەو ئاواڵکارەش لەگەل ئەو کارە رابردووە تا گونجێ مەگەر بە قلێك چەسپی دارتاشان. هەر وەها یافتم کار و بکەرەکەشی پێوەیە و وێکرا هاتوون و پێویست بە "من" نەبوو کە لەسەرەوە قوت بکرێتەوە. پاشان یافتم کاتێکی دیاری کراوە و ئەوەی فارسیی بزانێ دەزانێ ئەوکەسەی ئەو دێرەی فەرمووە فارسیی نەزانیوە. پاشان مام باکۆ، بە چەکمەکانی ستالین کە لەچەکمەکانی مەنسورە دزە و فاتە چاوە کۆنترن سوێندت دەدەم کە پێمبێژی ئەوەی فەرمووتانە ئەوین یان خۆشەویستی پێی گوتووی مایوس مباش چەندی بە چەندە؟!!. خۆ دەبوو نیشانەیەکی ئەو تۆت! لە تەنیشت مباش دانابایە، پاشان ئەم فەرمانە لەکوێوە هات و چ باسێکت بۆ ئەو عەشقە" رۆمانسییەت" کردبوو کە ئەو فەرمانەی پێدای؟ یان ئەوە چ پێوەندییەکی بەو دێرەکەلاکەی پاشەوە هەیە کە نووسیوتە : من امیدم را در یاس یافتم . دەتەوێ بڵێی من لە نا هومێدییدا هیوام دەست کەوت. مام باکۆ گیان! هەموو ئەو جۆڵاییە بەو دێرە ساکارە تەواو دەبێ کە من" **شوانە وێڵەکەی رەنج بە خەسارم ، بە مەنسورێکی تر چار دەکەم کارم".** فەرموو من شاعیریش نیم . با ئەو لەتکە شێعرەت پێشکەش بێ! پێویست نەبوو ئەو دۆو دۆشاوە بەو سفرە رەنگینەت دا برژێنی. ئەگەر سیاسەتەکەی تۆ و فاتە چاوەش وەکو ئەو شێعرە بێ کە نووسیوتە، دیارە ئەو سازمانانەی ئێوەیان بەئەندامی ناوەندیی وەرگرتووە فرە هەژارن. مام ماکۆ ئێوە کە دێرێك فارسی نازانن و خۆدەکەنە رێبەری ورگن و مشەخۆر- کومونیستانی مێشکەپە و جیهان، هەر ئەوەندەتان لایەنگر بۆ کۆدەبێتەوە کە بێن و روتتان بکەن. ئێوە دەتانەوێ بەم فارسییە "قەشەنگە" و بەو جەفەنگانە ببنە رێبەری پرولێتاریا و ئالترناتیوی بە اذین، هرمزان ، کسرایی ، طبری ، کیانوری و گلسرخی ... های هوووو، زۆری پێویستە کە "شەل دەرچێ لە "زەل".

مام باکۆ بەپێچەوانەی فاتیح کە لەنێو کوردە کەڵورەکان فەحەی پێ ئێژن و رەسووی نادر گوتەنی پیاوی ژیری ئەو کۆمۆنیزمە کرێکارییە هەر فەحەس. باش وایە تۆ بۆ خۆت پێی بێژی کە تۆبەنامەیەك بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە و بێژێ کە ئەو فەرمایشتگەلەی چۆن فەرمووە و کێ پێی کردووە، وە زمان بیلێسێتەوە. لەوانەیە کورد لێی خۆش بێ. بەلام ئەگەر ئەو و حسێن مرادبەگیی کە لەوەبەر شێرەواقەی کۆمەڵە بوو پەژیوان نەبوونەوە، دەبێ پەنا بەرنە بەر ئەو پۆلیسە بورژوایەی سوئێد تا نێفەکیان نەکەوێتە دەست کورە شەهیدان و بۆیان قرت نەکەن.

ئەم سازمانە باشقەیەی کە مام ئاکۆ بەرێوەبەری فەرمانێتی ئێستا خەریکی کەوڵکردنی ئەو کوردانەیە کە لە حیزبێ نەنکێ دەرکراون. سەیر ئەوەیە ئەو کوردە ئەوەندە گەوجە کە بەخۆی دەڵێ حیکمەتیست. داوەشێن هەی دامەزرێنەرانی حیزبی کومونیستی جیهان و ... چی بین الملل بۆ ناوتان . کابرایان لە دێ بە شەق وەدەر نا بوو و دەیگوت ئەو ماینەم بۆ بەرنە ماڵی ئاغا با ئالیکی وەبەرکا...

ساڵگەلێ بوو کورد هاواری دەکرد براله وامەکەن ئێوە حەجەم ناناسن بە لۆکە سەرتان دەبرن باوەریان نەدەکرد. ئێستاش بۆۆنەتە فاتە گەشتی. مێردەکەی تەڵاقی داوە و بەڵام پەیك و پەیامی هەر بۆ لای بەرێوەیە. فارسی خۆشە و بە ناشکوری بێ ، روناکبیری کوردی تەوەزەلیش ناچێ جیا لە فارسی زمانێکی دیکە بخوێنێ. ناچارە بچێ هەر ئەو پەڵخورە کاوێژ بکاتەوە کە فارسەکە بۆی رۆناوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە رێبەرانی دەست و پێسپیلکەی کورد ئەوەندە درەنگ لە جیهان و پێوەندییە کانی جیهانیی ئاگادار دەبن. هەر لەبەر ئەوەیە فارسی حۆققە بازی وەکو مەنسورە دزە دەتوانێ بە کەیفی خۆی سوار بێ و دابەزێتەوە، چوارناڵیان پێبکا و بە وێرغە لێیان خورێ. هەی دەستەکەتان خۆش لایەنگرانی ئینسانها و پرۆلێتاریا بۆ ئەو هەموو راست و دروستییەتان! ئەی ئەو هەموو ماوەیە ئەم کارەساتانەتان بۆ شاردبۆوە و خووساندبووتانن؟ جاری زۆری ماوە مامە ئاکۆ مەیخووسێنە بێژە چیترت پێیە بابێ!

مام ئاکۆ هەتا پارەو مارەکە لە ئارادا بوو هەر لە ساڵۆنە٦میترییەکەی حیزبی کومونیستی جیهان لەسوئێد و بەپارەی سوسیالی دەولەتی لەقەیراندا خنکاو دەژیان ، خەریکی جلو بەرگی **شڕ** و پەتوی ستالین بوو کە چۆن سپێکانی لە تەندووری کوردیدا تێوەشێنێ . بەلام بە تێگلانی سوارکاری نالە دزە ماینەقۆڵترەکەی ناصرالدین شای شمشیریی زینکرایەوە و لە دەشتی شێخاڵ و تەنیشت زرێواری مەریوان و مێشکەپەی لای هەرزنێ رکێف بەرەو راست و کوردایەتی کردن لە کەلەکەی ماینە قۆڵترەی

تێۆری دەکوتێ و دەیەوێ مەنگوری بایداتەوە سەر کوردیی . دوور نییە سبەینێ دێموکرات و یەکێتی شۆرشگێران لە ئێران بدەنە بەر پەلامار کە بۆچی بەرادەی ئێمە، واتە مامکۆمەلە کورد نین. هەی  برۆ! سەبر! کاکە کەنداڵە وتێی دەکەون. شۆرش پشووی درێژی گەرەکە.

مام ئاکۆی جەواڵدڕ! پێت وانییە رەفیق فاتیح بۆ رزگارکردنی تەنگەی لەبەر شەقی کورد بەم زووانە خۆی دەکاتە برادر فاتیح و  لە پاسدارخانەی شریعتمداری تاران  بە دژی تۆ مقالە دەنووسێ؟ ئەگەر رێی تێدەچێ بۆ تۆش چی تێدەچێ ؟ ئێوە هەر دووکتان لە کارخانەی فکریی دژی کوردی مەنسورەدزە  فێری جنێودان بە گەورەپیاوانی کورد کراون. ئەتۆ و فاتیح و حسێن سەر نەوی و مەنسورە دزە و فاروق لانەپیس لە یەك قوماشن.

ئەوەی نووسیومە تەنیا لە سەر بەندێکی "من وتوومە و لێشی بەرپرسیار نیم" ە کەی مام ئاکۆ درۆخۆشە کە بەزمانی خەڵکەوە دروشم دەنووسێ.  با لێی هەڵێ و بێژە من بەر پرسیار نیم . بەڵام وانابێ لالۆ، ئەی کێ  ئەو هەموو  پینەشینەی  لە نێو شان داون؟ ناویان نازانی؟ هەر دەبێ بیڵێی. هەر وردەوردە خۆتان بدۆزن رەشك و سپێتان رێچکەیان دیارە.

ئەوە هەر لۆلۆ کەی بوو هێشتا لێ لێ کەی ماوە.

**کوردی ئەم بەری خەتێ و**

**کوردی ئەو بەری خەتێ**

**کوردی کە ﷲ رەق**

**باو ناسیونالیست**

٢٠٠٤/١٠/١٧